هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٨٩) لە ٢٠٢١/١/١٣

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٠) لە ٢٠٢١/١/١٣، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (دارایی و ئابووری، سامانە سروشتییەکان، بازرگانی و پیشەسازی، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو) و (دەستەی وەبەرهێنان) بۆ پێداچوونەوەی سەرجەم لێخۆشبوونی گومرگی و باج و ڕەسمی ناگومرگی کە دراون بە پرۆژەکان لە چوارچێوەی یاسا پەیوەندیدارەکان، بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. دەبێت لێخۆشبوونی گومرگی و باج و ڕەسمی ناگومرگی بۆ ئەو پرۆژانەی کە مۆڵەتی وەبەرهێنانیان هەیە یان مۆڵەت وەردەگرن لەبەر ڕۆشنایی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ بێت.

٢. دەبێت لێخۆشبوونی گومرگی و باج و ڕەسمی ناگومرگی بۆ ئەو پرۆژانەی کە مۆڵەتی وەبەرهێنانی پیشەسازییان هەیە یان مۆڵەت وەردەگرن لەبەر ڕۆشنایی و یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی بۆ کەرتی تایبەت و تێکەڵاو کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان بێت.

٣. پێویستە لێخۆشبوونی گومرگی و باج و ڕەسمی ناگومرگی تەنها بەپێی پێداویستی و قەبارەی ڕاستەقینەی پرۆژەکە بێت کە مۆڵەتی هەیە، و بەپێی لیستی وردەکاری چەندێتی و جۆرێتی پێداویستیی فیعلی پرۆژەکان کە لەلایەنی تایبەتمەندەوە پەسەند دەکرێت بە مەرجێک تەنها بۆ مەبەستەکانی پرۆژەکە بەکاربهێنرێت، بە پێچەوانەوە ئەو لێخۆشبوونانە نایانگرێتەوە و وەبەرهێن ناچار دەکرێت کە ڕەسمی گومرگی و باج و ڕەسمی ناگومرگی بدات و دوو هێندەش سزای دارایی لێ دەستێنرێت.

٤. دەبێت بە پلەی یەکەم کەرەستەی خاوی خۆماڵی کە لە هەرێمدا چنگ دەکەوێت و بۆ کوالێتی پرۆژەکە بە کەڵک دێت، بەکاربهێنرێت و هاوردەکردنی کەرەستەی خاو سنووردار بکرێت.

٥. هەڵوەشانەوەی سەرجەم ئەو لێخۆشبوونانەی کە ماوەی یاسایی لێخۆشبوونیان تەواو بووە و دەبێت لە ڕێکەوتی کۆتایی پێهاتنی ماوەی لێخۆشبوونەکەوە ملکەچی پێدانی ڕەسمی گومرگی و باج و ڕەسم بن.

٦. ڕاگرتنی هەر جۆرە لێخۆشبوونێکی گومرگی و باج و ڕەسم کە ساغ دەبێتەوە کە بە ناڕەوایی بە ناوی پڕۆژەوە بە نایاسایی سوودی بازرگانییان لێوەرگیراوە، و هەڵوەشانەوەی دەسبەجێی لێخۆشبوونەکە و جێبەجێکردنی ڕێکاری یاسایی پێویست لە بەرامبەر سەرپێچیکاران.

**دووەم:** سەبارەت بە نووسراوەکانی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵی بۆ لێخۆشبوونی گومرگی و باج و ڕەسمی ناگومرگی کە لە ڕێگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ئاڕاستەی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێن، ئەوا بەپێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان مامەڵە دەکرێن لەلایەن لیژنەی پێکهاتوو بەپێی برگەی (سێیەم)ی ئەم بڕیارە.

**سێیەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتمەند بە سەرپەرشتی نوێنەرێک لە (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران) و ئەندامێتی نوێنەری وەزارەتەکانی (دارایی و ئابووری، پلاندانان، سامانە سروشتییەکان، بازرگانی و پیشەسازی، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو) و (دەستەی وەبەرهێنان) بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی ئەم بڕیارە و بەخشینی لێخۆشبوون لە ڕەسمی گومرگی و باج و ڕەسم لە دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە، و ئەم لیژنەیە ڕاپۆرتی خۆی لە ڕێگەی نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەخاتە بەردەم بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیاری کۆتایی.

**چوارەم:** سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران